# جەلال تالەبانی رەمزێکی گونجاو بۆ دەسەڵاتێکی کۆنە پەرست و ئیسلامی

عرفان كريم
Arfan96@yahoo.de



لە نێو گێژاوی توندبوونەوەی جەنگی تیرۆریستەکان لە عێراقدا ، جەنگی نێوان تیرۆریزمی ئەمریکا وتیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی ، رۆژ بەرۆژ پەیامە رەشەکانی ئەم دوو بەرەیە بۆ خەلکی عێراق رۆشن تر دەبێتە و رۆژ بەرۆژ رەفتارو کردەوە سیاسی یەکانی ئەم دوو بەرەیە بە ئاشکرا ناکۆکی خۆیان لەگەل سادەترین بنەما ویاساکانی کۆمەلگایەکی مەدەنی و نۆرمالدا نیشان دەدەن ، هەردوو بەرەی کۆنە پەرست بەداکۆکی کردنیان لەسەر داسەپاندنی دەسەڵاتێکی قەومی وئیسلامی بە سەر خەلکی عێراقدا و بە زیندوو کردنەوەی تاقمە عەشایەری وتایەفی و دینی یەکان درەندەترین وترسناکرین هێزو تاقمی کۆنە پەرستیان بەرەڵاکردۆتە گیانی کۆمەلگا وسیناریۆیەکی رەشیان لە عێراقدا خولقاندوە .

بەرەی تیرۆریستی ئەمریکا بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانەکانی و کارە دژە ئینسانی یەکانی لە عێراقدا وە بۆ بەرگرتن بە نارەزایەتی خەلکی نارازی ناوخۆی ئەمریکا و جیهان شانۆگەریەکی ساختەکاری لەژێر ناوی (هەلبژاردن ) دا لە دوو مانگی رابووردودا بەرێخست دارو دەستەیەك لە عەمامە بەسەر و سەرۆك عەشرەت و كۆنە بەعسی كۆكردەوە بە ناوی( حكومەتی عێراقی ) پێناسەی كردن , یەكێك لەو كەسانەی كە بەپەرۆشەوە لەم پرۆسەی خزمەتكردنی سیاسەتەكانی ئەمریكادا بە شێوەیەكی بەرچاو دەوری گێرا سەرۆكی میلیشاكەی (ی.ن.ك ) جەلال تالەبانی بوو , كە زۆر جار لە زۆر موناسەبات و كۆبوونەوەدا لە جۆرج بۆش و رامسفێلد ئەمریكی تر و مارێنـزتر بووە .

پاشان لە نێو كێشمەكێشی دابەشكردنی پۆستی وەزارەتەكان لە نێوان ئەو هێزە كۆنە پەرستانەی كە سەر بەئەمریكان و هەموو رۆژە هەلپە هەلپیانە بۆ داگیركردنی كورسیەكان و پۆستی وەزارەتەكان وە زۆر جار لەسەر ئەمە كەوتونەتە شەرە جنێو تەشهیركردن بەیەكتر [نمونەی شەرە جنێوی نێوان ایاد عەلاوی و احمد چەلەبی پێش چەند رۆژ ێك لە هەلبژاردنەكان وە بریار بوو چەلەبی بدرێتە دادگا ] لە نێو ئەم كێشمە كێشەدا و بۆ راگرتنی بەلانسی بەشەكان (حیسەكان ) ئەمریكا پۆستی سەرۆك كۆماری تەسلیم بە جەلال تالەبانی كرد , پۆستێك ئەگەرچی لە رەمزێك و هەیكەلێكی بێ فۆنكسیۆن زیاتر هیچی پێناكرێت و تەجروبەی غازی یاوەر باشترین بەلگەیە , چونكە سەلاحیاتی ئەساسی حكومەتی لە دەستی سەرۆك وەزیراندایە , بەلام بۆ شەخسی جلال تالەبانی و میلیشیاكەی وەكوو دەستكەوتێكی مێژوویی و گرنگ لەقەلەم دەدرێت دەبێتە مایەی جەژن گێران .چونكە بۆمیلیشیایەكی چەكداری محلی كەتەنها لەشاری سلێمانی دا دەتوانێ بەزەبری چەك وسەركوت حكومەت بێ وەلەوێ زیاتر بر نەكات لە راستیدا بۆ ئەمانە دەستكەوتە, بێجگە لەمەش مێژووی سیاسی تالەبانی و دارودەستەكەی جگە لە خزمەتكردن بە حكومەت و دەسەڵاتە دیكتاتۆرو فاشیستەكان زیاتر هیچی تر نی یە , وەمەلەفی خزمەتكردن بۆ دەسەڵاتە كۆنە پەرستەكان زۆر قورس وسەنگینە , لە سالی 1966 وە جەلال تالەبانی وەكو سەرۆك میلیشیایەكی بەكرێگیراو پێشجاشی بۆ حكومەتی ئەو سای عێراقی كردوە بۆ گرتن وكوشتنی خەلكانی نارازی لەو حكومەتە كە لەئەنجامی ئەم كارەدا سەدان كەسیان كوشتوەو زیندانی كردووە , زنجیرەی تاوانەكان و مەلەفی جاسوسی و عەمالەتی ئەمان لە قۆناغ و دەورانەكانی مێژووی عێراق وكوردستاندا كەم نین , كە هەمووی بە فاكت و دیكومەنتەوە شەهادەت دەدەن ,تاوانی كوشتنی دەیان دیلی شەری چەكداریان لەگەل بەرەی (جود) لەسالی 1983 دا , كە ئەو كات كۆمەكی چەك

**وتەقەمەنیان لەلایەن رژێمی بەعسەوە پێگەیشت بۆ ئەنجامدانی ئەو کوشتارە وە بەدوای ئەم کارە تالەبانی یەکسەر گەیشتە بەغدا وباوەشی بە سەدام حوسێندا کرد ,کۆمەك کردن بە جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران و هەلگیرساندنی جەنگ دژ بە چەکدارەکانی (پ.ك.ك)و کوشتارکردنیان بە ئەمری حکومەتی فاشیستی تورکیا , هێنانی لەشکری پاسدار بۆ سەر بارەگاکانی (حزبی دیموکراتی ئێران) لە کۆیە سالی 1996و تیرۆرکردنی پێنج کادری حزبی کۆمونیستی کرێکاری عێراق لە نێو شاری سلێمانی دا لە سالی 2000و ئاشکرا بوونی پەیوەندی جاسوسی لایەك لە سەرکردەکانی ئەم میلیشیایە بە موخابەرات وئەمنی عێراقی یەوە ..........تاد .**

**بۆیە هەلبژاردنی تالەبانی هیچ پەیوەندی یەکی نی یەو نابێ بەباشتر بون و یاخود چارەسەرکردنی کێشەی چارەنوسی سیاسی کوردستان و عێراق , بە پێچەوانە ئەم پرۆسەیە هێندەی تر کێشە و هیقدی قەومی و تایەفی توندتر دەکاتەوەو درێژەی پێدەدات چونکە تالەبانی و ئەو دارو دەستەیەی کە لەژێر ناوی (حکومەتی عێراقی ) دا کۆبونەتەوە خۆیان هۆیەکی ئەسلی هەلگیرسانی شەری قەومی وتایەفی ین و وە پێکهاتەیەکن لە سەرۆك عەشرەت و کۆنەبەعسی ناسیونالیستی عەرەب و ئیسلامی سیاسی لە (شیعە وسونە) , لە رۆژی دروستبونیانەوە تاوەکو ئێستا لەسەر بنچینەی سەرکوت و جاسوسی کردن گەیشتونەتە دەسەلات و حکومەتکردن .**
**رێگا چارەی راستەقینە لە دامەزراندنی حکومەتێکی عیلمانی غەیرە قەومی یە کە لەسەر بنچینەکانی ماقی هاولاتی یەکسان و جیایی دین لەدەولەت و ئازادی بێ قەیدو شەرت بێتەکایەوە وهاوکات بەرەسمی ناسینی ماقی ریفراندۆم بۆ خەلکی کوردستان و دیاری کردنی ئازادانەی چارەنوس و دوارۆژی سیاسی ئەم ناوچەیە لەلایەن بەشداری راستەوخۆی جەماوەری کوردستانەوە.**

10.04.05